سودانی بروسکێیەکی هاوخەمی و هاوسۆزی لە سەرۆک وەزیرانی کوەیت پێگەیشت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، مەحەممەد شیاع سودانی بروسکێیەکی هاوخەمی و هاوسۆزی لە سەرۆک وەزیرانی کوەیتەوە پێگەیشت.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ڕۆژی پێنجشەممە (28ـی ئەیلولی 2023) نامەیەکی سەرخۆشی لەلایەن سەرۆک وەزیرانی کوەیت، شێخ ئەحمەد نەواف ئەلئەحمەد ئەلسەباحەوە پێ گەیشت، و تێیدا هاوخەمی خۆی بە قوربانیانی هووداوە ئاگرکەوتنەوەکەی قەزای حەمدانییەی پارێزگای نینەوا دەربڕی.

شێخ ئەحمەد نەواف ئەلسەباح لە بروسکەکێیدا هاوخەمی حکومەت و گەلی کوەتی دەربڕی لەگەڵ عێراق لەم هووداوە دە تێزنەدا، هەروەها پرسە و هاوسۆزی قووڵی خۆی ئاراستەی سودانی و بنەماڵەی قوربانییەکان کرد.